دەموکرات داوای لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراق کرد کە هەڵوێست بنوێنن

شەوی ڕابردوو نزیکەی کاتژمێر 12:40 خولەک دوو ئەندامی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی ڕۆژهەڵات بە سەردان چووبوونە دەوروبەری "هەڵشۆ"ی سەر بە قەڵادزێ و لەوێ تەقەیان لێکراو و گیانیان لە دەستدا.

لەم بارەیەوە حیزبی دێموکرات ڕایگەیاند، "لەلایەن بەکرێگیراوێکی کۆماری ئێران و بە پیلانێکی لەپێشدا داڕێژراو تەقەیان لێ دەکرێت و دوو کەسیان بە ناوەکانی عادل موهاجیر ناسراو بە "سەرباز" و لوقمان ئاجی، گیان لەدەست دەدەن".

حیزبی دێموکرات داوای لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە بەرانبەر بە هەوڵەکانی ڕژێمی ئێران هەڵوێست بنوێنن.